# وەڵامی نا بۆ مل هۆڕەکانی ئەم سەردەمە

نو سەر: تراب حق شناس

وەرگیر بو کوردی : جەلال حەسەن زادە پێشمەرگەی کۆمەڵە

سەردەم، سەردەمی داسەپاندن و تێوە خورینە، سەردەمی بیرکردنەوەی یەک لایەنە، "کۆنفورمیسم" وهاورەنگ بوونە. لە تێکرای راگەیەندرەکاندا هەر ئەوبابەدەکەن گوێ و مێشکی خەڵکی دونیا و بە جۆریک تەلقینی دەکەن کە هەموو کەس بێ ئەوەی کە بە خۆیان بزانن، فەرمانەکان وەک باوەر و بروای خۆیان دووبارە دەکەنەوە. "نئو لیبرالەکانی" کۆشکی سیپی ئامریکا هەرخەون و خەیالێک کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا، بە جیهانیەوە دەبینن، بە خێرایی و هەمووشوێنێک دادەگری. بووش، ئازادی و دێموکراسی دەکاتەوە، بەرەی خێروشەر دیاری دەکات و هەموو دەبی سەری تەسلیم دانەوێنی و پاکانەی بۆبکەن ! لە بەرانبەری گەلاڵەی "خەبات لە دژی تیروریزم" دوپەرە پێدانی دێموکراسی لە جیهان و لە رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە تەنانەت کەمترین هەلی جیاواز بیرکردنەوەی ئازادانە تارمایی شەمشمە کوێرەی فاشیزم بە سەر جیهاندا کشاوە.

هەمووکەس دەبێ قەبوول بکات کە ئامریکا مەبەستی سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە دونیادایە و ئەگەر کەسێکیش بە درۆیەکی شاخداری ئەو تۆ تۆ باوەرنەکات "کافرە" واتە تیرۆریستە.

دەبێ هەمووکەس قەبوولی بکات کە فەلەستینی یەکان هۆکاری شەروگێرە شیوینن و ئەوە ئەوانن کە پەلاماری بێ تاوانەکان دەدەن و ئیسرائیلش ناچارە وەلام داتەوە هەموو دەبێ باوەریان وابێ کە هەرکەس لەهەر شۆینێکی جیهان لە دژی زولم و داگیرکردن، پەنابۆچەک بەرێ تەنانەت تیروکەوان بێ یان شەرەبەرد، تیرۆریستە.

ئیتر دەبێ چەکی "شەری رەوا" و "شەری نارەوا" لە بیر بچێتەوە!

هەموو کەس دەبێ باوەر بکات کە هەرجۆرە توندوتیژی یەک خراپە، تەنانەت لە پێناوی بەگیرکردن لە گیان و مافی خۆشی و ئەگەر خەڵک داوایەکیان هەیە دەبێ بە دور لە "توندوتیژی"بێتە ئاراوە! و ئەوە لە بارودۆخیکیدایە کە سەپاندنی توندوتیژی یەک لایەنە واتە لە لایەن دەولەتەکان، لەلایەن دەسەلاتداران وسەرمایەدارانەوە رەوایە و بە جێ.

ئیتر ئەوە ستەم لێکراوان و چەوساوەکانن کە نابێ بەربەەکانێ بکەن وئەگەر بەربەرەکانی بکەن، تیرۆریستن. ئەو بەندانەی کە لە بریارنامەکانی نەتوەیەکگرتوەکان و بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤدا مافی خۆراگری بەستەم لێرکاوەکان دەدات، دەبێ زیندەبەچاڵ بکرین و ئەگەر کەسێک ئەوان بیربخاتەوە، تیرۆریستە.

هەرچی سەرمایەداران و دەسەلاتداران بە قازانجی خۆیانی بزانن، یاسایی یە و دەبێ بەرێوە ببرێ و لەبەرانبەریش دا هیچ داخوازی یەکی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ستەم لێرکراوان رەوانیە. ئامانجە گەورەکانی سەدەی 21کە بەدوای رێنسانس و سەردەمی روناکبیری دا، ئاسۆی روونی هیوا بەگۆرانی جیهانی لەبەردەم جەماوەر دانابوو، دەبێ بە کۆنەپەرست و دواکەوتوویی لێک بدرێتەوە و ئەگەر کەسێکیش بیرلەوان بکاتەوە، بە "جیهانی سێهەم" و دواکەوتوویی و تیرۆریست دەناسرین.

ئەم فەرمانانە بە رادەیەک دووبارەدەبنەوە و لە ئاستی کرنۆش دەبەن کە هەموکەس باوەر بەوەێنی کە هەر ئەوانە مافی هەموولایەن کن. هەر بەم پێوانەیە یەک لە زاراوەی نویی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەمرۆکەدا، ئیسلام یانی تیرۆریزم، هەروەک کومونیزم و سوسیالیزم واتە ئیدئولۆژی یەکی خراپتر لە فاشیزم. هەرکەس باس لە مافی مرۆڤ بکات، دەبێ لەروانگەو بۆچوونی ئامریکای "بووش" وەپەسەندی بکات و ئەگینا تیرۆریستە. بوونی ئیدئولۆژی تاوانە، تەنیا کومۆنیستەکان و موسلمانان خاوەنی ئیدئولۆژین بەلام کەسانی تر واتە رێبوارانی بووش لە ئیدئولۆژی بێ بەرین. ئەم مەسەلەیە بەرادەیەک ئاسایی بوە کە تەنانەت ژمارەیەک لەو دەستەو تاقمانەی کە ئیستاش لە سەر بنەمای سوننەت و مێژووی خۆیان بەرەسمی لە مارکسیزم دانە براون و ئێستاش خۆیان بە چەپ دەزانن، بێزاری خۆیان لە ئیدئولۆژی بەمانای دروستی کە دەبێ، جیگاوشۆینی ئەوان لە ناو ریزی زۆربەی ساخەڵکی بێ بەش و ستەم لێکراوی کۆمەلگا و لە ریزی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیاری بکرێ، دەردەبرن

هەتا بە کۆنەپەرست تاوانبار نەکرێن و لە ناوبازنەی شارستانیەتی لیبرالی دا دەرنەکرێن. سەردەم، سەردەمی تۆبەی راستەقینە، هەرکەس بیەوێ باس لە ئازادی و بەرابەری بکات دەبێ ئاوێتەی یاساودان و قسەی نارەوا بە میژووی کومۆنیزمی بکات، تابتوانێ جیگای پەسندبێ. سەرنج بدەن بە سایتی ئینترنێتی و رادیو فارسی یەکان، رەنگە نیزیک بە لە سەدا 80ی ناوەکان پەیوەندی بە دەورگێرانی سەردەمی دیلیەتی و کرنۆش بردن و ئەندامانی حیزبە بێ بناغەکانەوە هەیە.

ئەگەر کەسێک بەرگری لە مافە نەتەوەیی و ئینسانیەکانی فەلەستین بکات، دەبێ سەدان جار دووپاتی کاتەوە کە لایەنگری ئاشتی یەو ئەکین بە "ئانتی سمیتیسم" تاوانبار دەکرێ ئەو ئاشتی و زیاتر لە 400بریارنامەی نێونەتەوەیی لە بەرژەوەندی خەلکی فەلەستینی راگەیاند. مافی مان و بوونی ئیسرائیل بەرادەیەک بەرەوا دەزاندرێ کە پیشێلکاری مافی فەلەستینیەکان لە سالی 1948 نابێ قسەی لێ بکرێ. نوسەرێکی بەرێزی کەماوەیەک لە مەوبەر لە چاوخشاندنێکی خێرادا رووداوەکانی سەدەبیستەمی لێکدا بۆە و باسی کرد بوون، ئاماژیەەی بە زۆربەی رووداوەکانی ئەم سەدەیەکردوە، بەلام خۆی لە باس کردنی کارەساتی شومی فەلەسیتینی یەکان گێل کردوە، لە حالێکدا ئەم کارەساتە هۆ کاری راستەوخۆی هەلگیرانی 4شەرو بە میلیون ئاوارە بوە و شۆینە وارەکەی ئەمرۆکەش درێژەی هەیە. لە کۆشکی سپی یەوە بریار دەردەچێ کە بێجگەلە ئامریکا "وئەندامانی تری خاوەن چەکی هەستەیی کە ئیستا نا کرێ ژێروژوور بکەین" هیچ ولاتیکی مافی دەست راگەیشتن بە تێکنولوژی ناوکی نیە و بیانووەکەش ئەوەیە کە رژیمە کانی ئەم ولاتانە دیکتاتۆری وتەوەرەی سەرەکی شەرن. چینی دەسەلاتداری ئامریکا تێک خۆی تەنیا خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بوو، کەلکی وەرگرت و جینایەتی سامناکی هێرۆشیما و ناکازاکی لێکەوتەوە و هیچ دادگایەکیش هەتا ئەمرۆ، موحاکمەی نەکردوە. دواتریش هەربەم هۆیە کەلکی لە ئەتۆم وەرنەگرت چونکە لە بەرانبەریدا شورەوی خاوەن چەکێکی لەم چەشنە بوو و هاوسەنگی ترس و وەحشەت کوسپی سەررێگای دوپات کردنەوەی جینایەتی لەم چەشنە بوو. بەلام ئەمرۆ معنی دوورخراوەی ئێرانی کە تەنانەت چە قۆیەکیش لە دەستی رژیمی چەوسێنەرو جینایەتکاری دژی خەلکی کۆماری ئیسلامی بە فریاد رۆیی دەبینم و کارەساتی لێدەکەوێتەوە، مافی ئەوەم نیە کە بلێم، مەفیتقی یەک لایەنە و خۆسەپێنەرانی ئامریکا زالمانیە و نابێ تەسلیمی بین! بۆچی هاوپەیمانانی ئامریکا واتە پاکستان و مۆلگەی پێشەوەی ئەمپریالیزم لە ناوچەکە واتە ئیسرائیل دەبێ خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بن بەلام ولاتان و نەتەوەکانی تر دەبێ لێی بێ بەش بن؟ من خوازیاری رووخانی کۆماری ئیسلامیم، بەلام ئەم سەرەرۆیی یە سەپاوە چۆن دەبێ قەبول بکەرێ؟ ئەگەر بە مجۆرە بیربکەمەوە، دەلێن لەگەل کۆماری ئیسلامی هاودەنگە؟! دەبێ بپرسین ئەوە چ پەیوەندی یەک بە هاودەنگی بوون لەگەل کۆماری ئیسلامی یەوە هەیە؟ من سنور لە نێوان سەردانەواندن بۆ بریارە؟ نی بووش وسیاسەتی کۆماری ئیسلامی دادەنێم.

سەبارەت بە دروشمی "چەک دا مالێنی گشتی" دەبێ بلێن کە لەم جیهانە پر لە دژایەتیەدا، تەنیا ئارەزوەیەکی ئەخلوقی یە کە هیچ گرێ کۆیرەیەک نارازوە نەیکردوە.

من بەرگری لە مافی هەموو جەماوەر دەکەم، لە مافی دیاری کردنی چارەنووس و مافی ئەوان بۆ کەلک وەرگرتن لە سەرجەم پێداویستی یە ماددی و مەعنەوی یەکانی مرۆڤایەتی. دەبێ خەلکی ئێران چارەی رژیمی سەرتایی زوتم و فەساد و جینایەتی کۆماری ئیسلامی بکەن، نەک دەستەوقامقی کوشکی سپی دیاری بکات کە کام خەلک مافی کەلک وەرگرتن لەم یالە و ئیمکانایتان هەیەیان نیە. بە پێی وتەی نووسەرێکی هەلکەوتە مافی نەتەوەکان سەقامگیرە بەلام رژیمە کانن دەبێ برۆن ئاشکرایە کە دەسەلاتداران ستەمکار دەبێ لە رێگای خەباتی خەلکەوە ژێرو ژووربن.

هاورەنگ بوونی جەماعت ولاسایی کردنەوە ،ژمارەیەکی وادارکردوە کەئەوەی کە ئامریکا وەک ئەرزش وبایە خەدان شی دز.هاتەوە ،کوێرکویرانە پە رەوی لیبکەن و دوپاتی کەنەوە. لە هینديک لەرادیۆفارسی یەکاندا،کە سانیکی خۆفروش هەن کەوک دوکتورو مامۆستای فلای زانکو، سات بە سات چاوپیکەوتنیان لەگەل دەکرێ.یەکێک سویند دەخوات کە ئامریکا" شورشگێرە " ویەکێکی تریش لە وت وویژدا ئید یعادەکات کە "ئەمرو ئیمپریالیزمی ئامریکا دەیە وێ ئازادی بۆ ئێران بێنێ" و"بەرژەوەندی نەتەوەیی ئیران" لە یەکگرتویی لەگەل ئیسرائیل دا

شاراوەیە! هەر لیرەدا دەبیت تەئکید بکەم کە دژایەتی ریاکارانەی رژیم لەگەل ئیسرائیل بیجگە کە خزمەت بوو خیانت بە ئامانجی فەلەستین هیچی تر نەبوە! ئیمە کرنۆش نابەیی و لە دژی ئەم بیرە یەک لایەنە و فەرمانی کۆشکی سپی دا دەوەستینەوە. ئیمە دەبی هاودەنگی لەگەل میلیون کەس کە لە شەقامەکانی جیهاندا لە دژی سەرە وۆیی و دەست درێژی ئامریکا بۆ سەر عێراق هاواری "نە" یان بەرزکردەوە، سەر بەرزکەینەوە و وەلامی "نە" و دژایەتی و خۆراگری بە پیلانەکان ئامریکا بدەینەوە. دەبێ ژمارەیەک لەو تاقم و لایەنە خزمەتکارانە کە سەر بۆ ئەم فەرمانانە نەوی دەکەن و بە بەلێندانی دووبارەی وەفاداری خۆیان بە کابەی واشنگتون، یەکتر پێ خوست دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بە "کەرزای و عەلاوی و چەلەبی" ئیران بەرەسمی بناسینین و لە ناودلی هەیولای بوش دا شوێنێک بۆ خویان بکەنەوە، لە قاوبدەن.

دەبێ کردەوەی تاقمیکی "تینووی دەسەلات بە هەرترخێک" واتە رێکخراوی

موجاهیدین ریسوابکەین کە پشتی لەسوننەتی شۆرشگێرانەودژی ئیمپریا لیستی یەکەم رۆژانی ئەم رێکخراوە کردوە وئەمرۆ بوی وە دست هێنانی رەزامەندی بووش، بەروالەت "شوێنی رئاکتورە هەستەیی یەکانی ئیران"

بەچوار قورنەی دونیاداجارئەکیشێ ودەبێ تاقمی سەلتەنەت خوازیش کە بە ئاشکرا"28 گلاویژیکی تر" دەخوازێ ریسوا بکەین . پەهلەوی یەکان 50 سال بێ لی پرسینەوە، خەلکیان سەرکوت ودەسکوتکانی شورشی مەشروتەو بزووتنەوەی ملیلی نەوتیان کردە پووشی بەدمباوە و دیسانیش وریاکارانە خۆیان بە خاوندار دەزانن !

لیبراوانە دەبێ خوازیاری رووخانی رژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئسلامی و موحاکەمە کاربەدەستانی جینایەتکارو تالانکەری ئەورژیمە لەئاستی جۆراوجۆردا بین .چارنوسی ئیران دەبێ زۆربەی خەلکی ئەم ولاتە کەدو کرێکاران و زەحمەتکشانی شارودئی وستەم لیکراوان لەژن و پیاوەوەن، دیاری بکەن.بەجیگای چاوبرینە دەستی دانیشتوانی کۆشکی سپی دەبێ بەپالپشتی هێزی شۆرشگێرانە جەماوەرو هاودەنگ لەگەل تیکرای بێ بەشانی جیهان، وەلامی "نە" بەئامریکاو هاوپەیمانەنانی لە هەر بیچم و قەوارەیەکدابن،بلێین.خوازیارانی ملکەچ کردن، بەراشکاوی بانگەشەبۆ هاوپەیمانێتی وئاویتە بوون لەگەلێ دوژمن دەکەن ئاشکرایە کە نوێنەرانی سەرمایەداریی جیهانی کەدەخوازن دونیا لەژێر رکێفی ریان دابێ و بچووکترین بایەخ بۆنەتەوەکانی دونیادانانێین، کاتیک لە کردەوەی خۆیان پاشگەزدەبنەوە کە لەگەلێ خۆراگری لیبراوانەی جەماوەر رووبرووبن .ئەمرۆ کاربەدستانی کۆشکی سپی لەهەولی دروت کردنی بۆمبی بچووکی ئەتۆمی دان هەتا جەماوەری وەزالە هاتووی پێ لەناوبەرن . بەلام تەنیاخەباتی سەرسەختانە، لیبراوانە وبەردەوامی جەماوەری ستەم لیکراو کە بەهیچ تکنیکێک تێک ناشکێ و ئەگەربخوازتی، دەتوانێ، پاش هەرشکتیک سەرانوێ بەهێزتر بخرۆشێ. ئەگەر خەلک ئیرادەبکەن کەژیان پەیوەندی بەوانەوەهەیە، چارەنووس هیچ چارەیەکی نیە بێجگە لە سەردانەواندن ،لەبەرانبەریاندا.